Kurdistan Nêt

# هونەر و شێتی

***عەزیز مورادی / جوانرۆ***
**کوردستانی ئێران**

زۆربەمان ناوي شكسپير،گۆته،كامۆ،فلوبـێرۆ...مـان بيسـتووه بـەڵام نـازانين(هـامليت)(ئيڤـي ژني)(مادام بۆڤاري)و...هـي كێيـه و چـي دەڵێـن،بـه ووتەيـەكي تـر ئاگـادار نـەبوون لـه بـير و ئەنديشەي نوسەران و هونەرمەنداني گەورەي دونيا خول خواردن له جوغزي چكۆلانـەو تـەنگي (كوردايەتي) واي كردوه كه ئەدەبياتەكەمان به ساوايي بمێنێتەوه،ئەگەرچي پتر لـه (300) سـاڵه شاكاري وەك (مەم وزين) مان هەيه بەڵام ئەدەبياتي هـەره دەوڵەمـەندي ئـەمريكاي لاتـين تـەنيا مـاوەي (150) سـاڵه توانيويـەتي ببێتـه خولقێنـەري گـەورەترين شـاكاره ئەدەبيـەكاني جيـهان. فاكتەري سەرەكي بۆ خولقاندني شاكارێكي ئەدەبي(ئازادي)يه،(برنەرپێنگۆ)پێي وايـه:(هـەوەڵين ئازادي چ بۆ نوسەر چ بۆ خولقێنەر، ئازادي خەياڵه) كەچي له وولاتي كوردەواريـدا كـەس ئـەو مافـه بـه خـۆي نـادا لـەو چوارچێوەيـه كـه كۆمـەڵ،بنەماڵـه،داب و نـەريت و...بـۆي دانـاوه بچێتەدەر.(مارسل تيەبو)گوتەني: (ئەدەبيات ناتوانێ زينـدوو بمێـنێ مەگـەر بايـەخي بوونێكـي بەردەوام دژي داب ونەريته ماقولً وجێكەوتوەكاني نێو كۆمەڵ)له كوردەواريـدا شـاره كـان،لادێ يەكي گەورەن، له ماڵەوه باشترين و بۆن خۆشترين عەتر و بۆن له خۆمان دەدەيـن بـەڵام بـۆن و

Kurdistan Nêt

بەرامێكي كۆن و ميلليیمان لێ دێ.بـ[illegible]ن دەخورێـن و وەك روناكبـير و هەستيار لەگەڵ خەڵك هەڵس و كەوت دەكەين.بەلاّم ترسنۆك و باوەڕمان بە جادو هەيـە،هـەموو شەوێ دێو درنج دێنە خەونمان و دەستمان لێ ئەوەشێنن.تا ئێستا لە خۆمانمان نەپرسيوە؛ بۆچي دواي چەند ساڵ پاش بۆردوماني كيمياوي هەڵەبجە و ئەنفال بووني گەلەكەمان هێشتا رۆمانێكي كوردي لەم بارەيەوە لە دايك نەبووە،لە كاتێكدا نوسەراني بياني تەنانەت دژي خەڵكيش شتيان نوسيوە نەك لەبەر ئەوەي كە رقيان لە خەڵكە،بەڵكو بـەو جـۆرە ويسـتويانە رادەدەي رۆشـنبيري خەڵك بەرز بكەنەوە و خەڵك بخەنە جووڵە و ئەو كۆسپانەي كە رێگـەي پێشـكەوتني لێگرتـوون پوچەڵ بكەنەوە بۆ نمونە(سارتەر)لە بارەي (ديوار)ەوە دەڵێ☹ئەگەر ئەو شـتانەي كـە دەياننوسـم دەبێتە هۆي ترس و قين وئەشكەنجە،تێبكۆشن جيهانێك دروست بكەن كە خاڵي بـێ لـە تـرس وقين و ئەشكەنجە،چونكو تواناي ئەو كارەتان هەيە.ئەگەركەسايەتي چيرۆكەكان خۆيان لە نێـو بردوە،خۆيان ويستوويانە،هيچ هێزێك ئەواني بەرەو ئەو كارە نەبردووە.

ئەوان ئازاد بوون، ئێوەش ئازادن بە پێچەوانەي ئەوان بجولێنەوە).

نوسەر،يا شاعير بەشێكە لە كۆمەڵ و گـيرو گرفـتي هـەر شـاعير،يـا نوسـەرێكيش گـيرو گرفـتي كۆمەڵە بە گشتي بۆيە هونەرمـەنداني كـورد ئـەركي سـەر شـانيانە ئـەو شـتانەي لـە ناخيانـەوە باوەڕيان پێي هەيە ئەگەر لە لاي كۆمەڵيش ناحەزو ناشيرين بێت بيلێن.دەبێ پرۆمتە بن ئەگـەر چي لە لايەن زئەسەكانەوە زنجير بكرێن و داڵي رق و كينە جەرگيان هەڵدڕێ. ڤانكوخ و نيتشـە ئەگەرچي شێت بوون و تەنيا بۆ دڵي خۆيان شتيان نوسيوە بەلآم تا دونيا دونيايە هونەرمەندن و لە دڵي خەڵكدا دەژين.ژان كوكتۆ گوتەني:(نوسەري،فەرشي ئێراني نييە كە نوسـەر لـە سـەري بڕوا،بەڵكو ئاژەڵێكي درندەيە و هەرچەند راوچي بە دوابێت ئەوەندە پتر رادەكات).

## قسەی راست یا لە شێت یا لە منداڵ ببیستە

بۆ يەكەم جار دكتۆرێكي ئيتالي بە ناوي دكتۆر(لومبرزۆ) گووتـي:(شـێتي خولقێنـەري هونـەرو بليمەتيە و بليمەتي هەست و هونەر لە شێتيانەوە سەرچاوە ئـەگرێ و زۆربـەي هونەرمـەندان لـە بنەماڵەيەك هاتونەتە جيهان كە لە ماڵەوە شێتيان هەبووە)

Kurdistan Nêt

لومبرزۆ لە پەرتوکە بەناوبانگەکەی ... يٚ: مـرۆڤ هـەنديٚ جـار بـەرەو شيٚتي دەچيٚ و بليمەتي جـۆرە شـيٚتي يـەكي مرۆڤـە بەختەوەرەكانـە لـە جيـاتي ئـەوەي بـەرەو شيٚتخانەيان ببات بەرەو لوتكەي شانازي و بەناوبانگيان ئەبات پيٚش لومبرزۆ لەمـەی پـەيوەندي شيٚتي و هونەرەوە كەسانيٚك قســەيان كـردوە بـۆ ويٚنـە ئەرسـتۆ گوتويـەتي: زۆربوونـي خويٚـن لـە ميٚشكدا لەوانەيە مرۆڤيٚكي ئاسايي بكاتە بليمەتيٚك يا هونەرمەنديٚك يا كەسيٚكي بـەناوبانگ. بـــۆ شـــي كردنـــەوەي پتر بـــە پيٚـويســـتي دەزانـــم راڤـــەي دوو ووشـــەي (نـــــوروز) و(پسيكۆز) بكەمەوە.

- پسيكۆز: ئەگەر پەريٚشاني لە(شعوور)دا بيٚ پيٚي دەڵيٚن پسيكۆز: لە راستيدا هـەر كەسـيٚ كـە تووشي پسيكۆز هاتبيٚ واتە بە تەواوەتي شيٚتە،چونكە لە پسيكۆز دا نــەخۆش ئاگـاي لـە قسـەو كردەوەي خۆي نيە. نەخۆش ميٚشكي تيٚك دەچيٚ و وەكو مرۆڤيٚكـي دەرەوەي كۆمـەڵ ئاگـاي لـە خولٚق و خووي كۆمەڵ نامينيٚ،لەوانەيە بە كاري ناپەسند زياني بۆ خۆي و خەڵكيش هـەبيٚت، ئاگاي لە دەوروبەر نييە و نە دەزانيٚ خەڵك خەريكي چين و نە دەزانيٚ خۆيشي چي دەكات.
- نوروز: بە كۆمەڵيٚك نەخۆشي دەروني دەگوتريٚ كــە ئـاڵو گـۆڕ لـە كـردەوەو هەسـت و داب و نەريتي كۆمەلاٚيەتي مرۆڤدا دەبينريٚ،لە نوروز دا هيٚزي هەست و ئـيرادە تووشـي گرفـت دەبـيٚ بەلاٚم هيٚزي هۆش نەك زيان نابينيٚ بەڵكو لە هيٚزي هۆشـي خـەڵكي ئاسـايي پـتر دەبـيٚ،بـەلاٚم نەخۆش زۆر گويٚ ناداتە داب و نەريتي نـاو كۆمـەڵ و گيـاني سـازگاري لـە گـەڵ خـەڵك كـەم دەبيٚتەوە،پەريٚشاني و ترس ناوكي سەرەكي(نوروز)ن و لە راستيدا نوروز هەوڵيٚكە بۆ رزگاري لەو پەريٚشاني يە دەروني يــە،نـەخۆش لـە نـاخيدا ئاگـادارە لـە ئـاڵ و گـۆڕە نابـەجيٚ و كـردەوە و قسەي.نيگەرانە لەوەي كە كەسايەتي پيٚشوي لە ناو خەڵكدا لە دەست داوە .

بە برِواي پرۆفيسۆر(ژان دولــە) دكتـۆري دەرونـي،ئـەو دوو دەسـتە نەخۆشـي يـە واتـە نـوروز و پسيكۆز جياوازي زۆريان لە گەڵ يەكدا هەيە. پسيكۆز نويٚگەري ناكا واتە نـاتوانيٚ شـتي تـازە و نويٚ دروست بكات بەلاٚم نەخۆشي نوروز ي دەتوانيٚ خولقيٚنەري شتي تازەو نويٚ بيٚت.

پسيكاناليز لە ناساندني هۆكارەكاني نوروز و چارەسەر كردني نوروز رۆڵي گرنگـي هەيـە. يـەكيٚ لە پسيكاناليست)ەكان( دكتۆر ئيستيكلا) زۆربەي تەمـەني خـەريكي موتـالا كردنـي(ژياننامـەي)

Kurdistan Nêt

هونەرمەندان وشاعيران بوه له زۆربەي [illegible] وروز ي ديوه و به بڕواي ئەو پەريشاني و ترس سەرەكي ترين هۆي نوروزي هونەرمەندانه.

ناوبراو تەنانەت له ئاسەواري كاتي لاوي (گۆتـــه)كـه بـه قارەماني سـەلامەتي دەرون بـه ناوبانگ بووه، نيشانەي نوروز ي دۆزيوەتەوە. به بڕواي دكتۆر ئستيكلا هۆي ترسي هونەرمەندان شەڕي نێوان پاڵنەري زايەند(غراين) و جيهاني دەرەوەيه. ئەم ترسه له ناو ناخي گشت مرۆڤێكدا هەيه بەلاٌم هونەرمەندان و شاعيران زۆرتر پێيەوه دەتلێنەوه، پەريشاني هۆي سـەرەكي نوێگـەري و خولقاندنه. هەوڵي راستەقينەي هونەرمەند له نوێگەري و خولقاندندا بۆ رزگاري يه له دەسـت پەريشاني و ترس. مرۆڤێكـي نـوروز ي ئەگـەر بـەرەو هونـەر بچـيٌ يـان سـەردەكەويٌ و دەبێتـه هونەرمەندێكي بليمەت و يان نەخۆشي يەكه به تەواوي شێتي دەكات. كێركيگارد دەڵيٌ: (مرۆڤ هەميشه پەريشانه، تەنانەت ئەوانەش كه هيچ هەستێكيان نييه، هەروها ئـەو كەسانەي كـه لـه هەموو خەڵكيش بەختەوەرترن، ئەگەر مرۆڤ له رەگـەزي فريشـته يـان ديـو بوايـه دەيتوانـي لـه دەست پەريشاني و ترس رزگاري بوايه. بەلاٌم مرۆڤيان له نزيكايەتي فريشتەو دێو خولقاندوه).

بيرداڕێژاني قوتابخانەي سورياليزم دەڵێن بليمـەت و هونەرمـەند تـا نەبێتـه خـاوەن نەخۆشـي (شيزۆفرينيا) ناتوانيٌ هونەرمەندێكي راستەقينه بێت. مامۆستا جەلال خەڵەف ژاڵەيي لـه كتێـبي كەسێتي سەركەوتوو دا دەڵيٌ: ( كەسێتي داهێنەر، يان كەسێتي بليمەت و دروست كەر بابەتێكـه سەرنجي زاناياني بۆ لاي خۆي راكێشاوه. به زۆر لێي دواون و باسـيان كـردوه، لەسـەر هۆكـان و سەرچاوەكاني ناكۆكي كوتۆته نێوانيانەوه، له كۆندا باوەڕيان وابوه كه بليمەتي كارێكي ناوێزەيەو لـه توانـاي مرۆڤـدا نييـه، بـەڵكو دەسـتكردي شـەيتانه. يـان دەسـتكردي جنۆكەيـه، يـان خـواي هەڵبەسته ـ ئاپولون(خواي هەڵبەست و مۆسـيقا) ـ وەكـو سـوقرات لـه كـاتێكدا كـه دادگـەر بـه داناني هەڵبەستي خراپ و خراپكاري رەوشتي لاوان تاوانباري كرد، له وەلاٌمدا گووتي: (ئێمـەي زانا كاتيٌ كه هەڵبەست دەڵێين، خۆمان نازانين چ دەڵێين). هەرچەنده خــەڵكي ئێسـتا باوەڕيـان بەمانه نييه لەگەڵ ئەوەشدا زۆر كەس باوەڕيـان وايـه كـه مرۆڤـي بليمـەت، پێويسـته جاربـەجار تووشي پەشێويەكي دەروني ببێـت، لەبـەر ئەوەگوتويانـه (الجنـون هـو الفنـون) واتـــه شێتـــي جۆرێـــكه له هونـــەر، يا شێتي له هونەره، هەر لەبەر ئەوەيه كه باوەڕيان وابوو مرۆڤـــي بليمـەت

Kurdistan Nêt

جارجار توشي جۆره نەخۆشي يەكي [illegible] يەكجاري شێت دەبێت. لەبەر ئەوە چەند زانايەك گەڕاون و هەوڵيان داوە ژياني زۆر كەس لە بليمەتەكانيان پشكنيوە و ئەم ديو ئەمديويان كردوە بۆ ئەوەي كە لەيەك جۆره ناوێزەيەك،نالەبارِيەك يان نەخۆشينێكي دەروني لە ژيـاني بليمەتـەكاندا بدۆزنـەوە لـە راستيشـدا بـە نـائومێدي نەگەڕاونەتـەوە،بـەڵكو دەسـتكەوتي باشيشي هەبووە).

فرۆيد نوسەر بە مرۆڤێكي پەرێشان دەزانــێ كـە بـە خولقـاندن هـەم خـۆي لـە شـێتەكان جيـا دەكاتەوە و هەم لە دەرماني راستەقينەي دەردەكەي. فرۆيد دەڵێ:هونەرمەند لە راستيدا كەسێكە كە خۆي لە راستي وون دەكات چونكە نايەوێ ديلي راستي بێت. هونەرمەند كەسێكە لە ژياني خەياڵيدا لغاوەي هەوەسي شل دەكات بەلاّم لەو دونيا خەياڵيـەدا رێگـەي گەڕانـەوە بـۆ راسـتي ئەدۆزێتـەوە. خەونـەكاني لـە قـالبي راسـتيەكي تـازە دادەرێـژێ، و خـەڵك ئـەو خەونانــە بــە درەوشانەوەي بايەخداري ژياني راســتەقينە دەزانـن و بـەو بيـانوە قـەبوڵي دەكـەن، بـەو جـۆره هونەرمەند بە جۆرێك كە حەز دەكا دەبێتە قارەمان،شا،خولقێنەرو خۆشەويست.

پسيكاناليز(دەرون شيكردنەوە) وەك زانستي كۆمەلاّيــەتي و دەرونــي لــە مــەڕ پاڵنــەر (غــەريزە) پەروەردە _ كەسايەتي _ كۆمەڵ _ هونەر _ ئايێزا نەخۆشيەكاني دەروني پەيوەندي نێـوان مـرۆڤ و دونياي دەرەوە قسە دەكات جۆره دەرمانێكە لە رێگەي يادەوەريــەوە واتــە لــە رێگــەي بــە بـير هێنانەوەي بيرەوەري يەكاني منداڵيەوە تێدەكۆشێ تا نەخۆشــيەكە چارەســەر بكــات،پسيكاناليز تێدەكۆشێ بە كەسايەتي و(من)ي نەخۆش كە بە هــۆي نەخۆشــي يــەوە لــە كــار كــەوتوە و هــێز خۆپاراستني نەماوە تا يارمەتي بدات تا بە جێگەي ئەوەي وەك كاتي منداڵي خۆي دوور كاتــەوە لە گيرو گرفتەكاني بە رەوشتي راست ئــەو گيروگرفتانـە چارەسـەر بكـاو خـۆي لـە نەخۆشـي و پەرێشاني رزگار بكات،كە ئـەو كـارە لـە رێگـاي راڤـە كردنـي خـەون و روئياكـاني نەخۆشـەوە چارەسەر دەكرێ.(گۆتە)دەڵێ:(شيعر رزگاريە) رزگاري لە ئەشكەنجە و ئازار).

فرۆيد پێي وايە كە هۆي ئەم نەخۆشيە سەركووت كردنــي ووزەي زايندەگــي (ليبيــدۆ _ ووزەي سێكسي)يە لە سەردەمي منداڵيدا لەش لە كاتي پێگەيشتن(بالغ) بوونـدا ئامـادە دەكـا بـۆ زيـاني رۆحي و دەماري مرۆڤ بەرەو نوروز دەبا.

Kurdistan Nêt

دايستۆفسكي له رۆماني(تازه لاو) [illegible] منداڵانيّ هەن كه لـه سـەرەتاي ژيانيانەوه بير له چارەنووسي بنەماڵەكەيان دەكەنەوه منداڵاني كه لـه منداڵـي روبـەڕوي كـردەوه ناشيرينەكاني باوكيان دەبنەوه بريندار دەبن ئـەو كـردەوه ناشـيرينانه لەگـەڵ منداڵانـدا بنـەماي ژياني داهاتوويان دروست دەكات.

ئـايين و داب ونـەريتي كـوردەواري زل هـێزي بـاوك زەيـني چيرۆكنوسـي كـورد( شـێرزاد حەسەن)ي قۆرخ كردوه بۆيــه نـاوەڕۆكي چيرۆكـەكاني گريمانەكـەي فرۆيـد و ئاوێنـەي مێشـكي خۆيەتي و له چيرۆكي( حەسار و سەگەكاني باوكم)دا به جوانترين شێوه ئەو هەسته دەر دەبڕيّ و تەنانەت قارەمانەكه ئامادەيه باوكيشي بكوژيّ بۆ ئەو خۆشي يـه،(ئـەم سـەري خسـتبوه سـەر سينەي،پشتي له من و له دونيا كردبوو،لەوه دەچوو دەنێو سينەي ساواي رابيدا لـه گەوهـەرێك نهێنيـەك لـەززەتێكي بـزردا بگـەڕيّ وەك ئـەوەي بخنكـيّ هـەرچوار پـەلي بەهـەرچوار دەوريـدا دەهاوێشت،كەوتبوه دواي بۆني رۆحــي ياسـەمينەكه و نەدەهاتـەوه،هـەردوو مەمكـه تورتـەكاني رابي پەڕەي هەردوو گوێيەكاني باوكميــان قوفـڵ دابـوو،بۆنـي ياسـەمين و خنكـان دەنێـو دۆڵـي هەردوو مەمانيدا غيرەت و خوێنێكي داميّ ... له شان و پشتي وورد دەبومەوه،لــه ئـان و سـاتي شەهوەت رشتني دا هەلم خواست و بازێكم دا،چاوەڕێي سـاتەكان ودوا موچركـەو راچـەنين،لـه دوا هەناسەي ئاسودەگي،له دوا...پي له ئۆخــژن فريـاي كـەوتم،لـه دوا راتـەكان... لـەو سـاته وەختەي كه هەموو شادەمارو خانه و ماســولكەكاني خاوبوونـەوه،تونـد دەسـتم لەسـەر مشـتووي خەنجەرەكـه تونـد كـرد و تـا توانيـم هـەڵمبڕي بـۆ حـەواو شـێتانه سـيّ خەنجـــەري بـــەزەبرم وەشاند...نامەسەر شاني چەپي لەگەڵ دوا تەكاني ئەودا من له نـاو گۆشـــتي تورتـــــي تـەكانم به دەمي خەنجەرەكه دەدا،ئەو...ژەهــراوي خـۆي دەرژانـده نـاو هـەناوي ... و منيـش قـەهري خۆمم دەشت ... )

كەواته هونەرمەنديّ كه رەواني ساغ و سەلامەت بيّ هونەرەكــەي دەنگێكـي لاوازه كـه ناگاتـه هيچ شوێنێك و هونەرمەندي راستەقينه ئـەو كەسـەيه كـه بـۆ داپۆشـيني كەمايەسـيەكاني و زاڵ بوون به سەر پەرێشانيدا دەست بداته نوێگەري و تەنيا به خولقاندني بەرهەمي هونـەري نـاخي هێور بكاتەوه.(هێمن)گوتەني:(شيعريشم تەنيا بۆ دەربڕيني ئيحساسي خۆم داناوه و هيـچ حـەقم

نيه منەتيان بەسەردا بکەم ئەوان پێ[illegible] که شــیعرم بـۆ هـات نـاتوانم Kurdistan Nêt
نەیلێم)

(ئاندرەژید)دەڵێ: (هەمیشه رازێکي فیزیۆلۆژیکي لەشي یان دەروني که خولقێنەري دڵــەڕاوکێ و ترسه له ناخي هونەرمەندا و له خولقاندني بەرهەمه هونەریەکان رۆلي گرنگي له ئەستۆ دایــه، و هونەرمەندێ که دەرونــي خــاوێن و فیکـرو دەمــاري ســەلامەت بــێ لــه دونیـادا بوونــي نیــه). هۆنــەراني مــەزني وەکـو سـوقرات و پاسکال و ژان ژاکرۆســـۆ و نیتشـــه و دایستۆفیســکي و... پەرێشانحاڵ و نەخۆشــي دەرونیــان هــەبوو.(مـاکس زدۆ) گوتــەني:(بلیمــەتان و هۆنــەراني ئێمــه شێتن!)

پێشەواکاني رێگەي ئاینزاو عیرفان شێتن !

ئەوانەي له رێگەي ئازادي مرۆڤ و نیشتماندا شەهید بوون شێتن !

پاسکاڵ که له سێزده ساڵیەوه زاناي بیرکاري بوو.رۆسۆ که پێکهێنەري شۆڕشي فەرەنسا بــوو. کانت که پێکهێنەري فەلسەفەي کۆمەڵایەتي بوو.گشتیان شێتن !

موپاسان که شانۆنامەکاني دەست به دەست دەفڕن، ژاندارك کــه لــه رێگــەي ئــازادي وولاتــدا مرد بۆدلێر که گەیشته لوتکەي هەرەبەرزي شیعر گشتیان شێت و نەخۆشــي دەرونیــان هــەبووە. چارەنووسي مرۆڤه که پێشەواي شۆڕشي کلتوري و کۆمەڵایەتي و هونەریەکاني شێت بن).

هەر کاتێ ترس و پەرێشاني رووي دەکرده (فلۆبێر) گورج دەستي بۆ پێنوس دەبـرد و دەکەوتــه نوسین بەڵکو بتوانێ بەم رێگەیه هەندێ خــۆي ئــارام بکاتــەوە،چونکــه بــەم کــاره لــەم جیهانــه ناشیرینەوە چوە ناو جیــهاني نــاخ،ئــەو جیهانــەي کــه بـۆ خـۆي بــه روئیــاو خــەیاڵ دروســتي دەکرد،خەیاڵ گوریسێکه که سەرێکي به شێتیەوە بەستراوە و سەرەکەي تریشــي بــه بلیمــەتي و هونەرەوە. دڵداري شاعیر کاتێ گڕکاني دەروني پڕخۆشەویستي و ئەویندراي بۆ (بهیه فرج اللــه) تەقیەوە،شیعري (خەندەکەي بایي) هۆنیەوە و مامۆستا(مەسعود موحەممەد)لەو بارەیــەوە دەڵــێ: (راستیەکەي دڵدار بۆ ماوەي یەك دوو هەفته به دەست ئەو هەڵبەستەوە وەك نیــوە ســەرخۆش و یان نیــوە مــەدهۆش بــه تــەواوي نــەیدەزاني چـۆن و چــي دەکــات،هەمیشــه چاوەکــاني دەبڕیــه دیمەنێکي خــەیاڵي،تەنانــەت لــه رۆیشتنیشــدا کــەمتر ئاگــاداري هــەنگاوەکاني بــەر پێــي بــوو).

Kurdistan Nêt

هۆنەر،كاتيَ ئەهوەن دەبيٚتەوە كە نو[illegible]را كە نوشــتم كمــي اسـودە شدم، از من دلجويي كرد مثل اين است كە بار سكيني را از دوشم برداشــتند جقـدر خوب بود اكر همە جيز را مى شد نوشت. زندە بكور، صادق هيدايت )

بۆ نوسيني ئەو ووتارە ژياننامەي زۆر هونەرمەندم موتالا كرد و لە ژيانياندا زۆر شتي سەيرم بۆ دەركەوت و ئەگەر چي هەر هونەريٚك دونيايەكي تايبەتي بۆ خۆي هەيــە كــە لــە گــەلّ خــەلّكي ئاسايي دا جياوازي زۆري هەيە بەلاّم بەم حالّەش دونيــاي هۆنــەران زۆر لــە يــەك دەچــيَ و لــە خوارەوە هەنديٚك لەو پەيوەنديانەتان ئاراستە دەكەم كە مشت نمونەي خەروارە:

- *ئەو هونەرمەندانەى كە خۆيان كوشتووە:*

ڤــانكۆخ، ســــادق هيدايـــەت، مايكۆفيســـكي، تنودوراكيـــس، ژاك واشـــە، ئـــارتور كســـليز، كلاسيت، كاوابانايا سوناري، غەزالە عەليزادە، ئشتفان تسوايك و...

- *ئەو هونەرمەندانەى كە تا كۆتايي ژيانيان نەيانتواني ژن بهيٚنن:*

ژانژاك رۆسۆ، كييٚر كيگارد، ژرژسورا، نيكۆلاّي گۆگۆل، ڤانكۆخ و...

- *ئەو هونەرمەندانەي كە بە تەواوي شيٚت بوون:*

نيتشــە(پــانزە ســالّ لــە شــيٚتخانە بــوو، وەلي ديٚوانــە، ڤــانكۆخ(ســالّيٚك لــە شــيٚتخانە بــوو)، پــەرويز ياحەقي، جەعفەر قولّي زەنگولّي(شاعيري كوردي خوراسان)

- *ئەو هونەرمەندانەى كە هەميشە لە گـەلّ پيرەژنــان بردويانەتــە ســەر و عەشـق و ئــەوينيان پيرەژن بووە:* ژانژاك رۆسۆ ، بالزاك.

- *ئەو هونەرمەندانەى باوكي تورەيان هەبووە هەميشە لە مالّەوە شەرِ بووە:*

دايستۆ فيسكي، كافكا، جيمس جۆيس، مولي يەر، ڤانكۆخ.

---


<u>سەرچاوەكان:</u>

- هنر و جنون، دكتر نصرالله معمايي ـ تهران 1344
- روانشناسي هنرمند ،علي اظهري ـ تهران 1374
- كەسيێتي سەركەوتوو، جەلال خەڵەف ژاڵەي ـ بەغدا 1987 ،

Kurdistan Nêt

- روانكاوي براي همه،فرويد [illegible]
- اصالت در هنر و علل انحراف در احساس هنرمند، دكتر احمد يًّبور اردوبــادي ـ بريز 1346.
- زندۀ بكور، صادق هدايت ـ تهران 1309